

چەنگ ژەنانی «ڕاوە شوور و بەراز»ەکەی تاق بوستان
کێوی بێستون ـ کرماشان
«هێلکاریی هونەرمەند هادی زیائەدینی ـ سنە»

لەم تیپی مۆسیقاژەنانەدا، یەکەمین کەسی لای دەستە چەپ، ئامێری نای، یان سوورنای دەژەنێ، دووەمین کەسیش ئامێرێکی چوارگۆشەی بە دەستەوەیە کە بە لای زۆرەوە، جۆرێکە لە دەف. شێوەی دەست بەرزکردنەوەی ئەم ڕەزم کوتانەش، لە پێش هەموو شتێکدا، سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشن، کە ئەمجۆرە دەفانە، واتە: دەفی چوارگۆشە، لەم ڕۆژگارەدا، لە ناوچەکانی **میسر** و **سوریا**دا، برەویان هەیە.

ئامێری دایەرەش، لە کۆندا **چەمبەر**یان پێ وتووە و لە زمانی پەهلەویشدا **کەمبەری** پێدەڵێن. واژەی **تۆف،** یان: دەفیش، بەلای **«عیبری»**یەوە بە مانای کوتان دێت.

لای ڕاستی تیپی مۆسیقایی سوپاییش، لە **ڕاوشوورە**کەدا، شەش مۆسقاژەن، لە دوو ڕێزدا، بەرچاو دەکەون، کە **٣** مۆسیقاژەنی لای سەروویان، دانیشتوون و سێیانەکەی خواروویان، بە پێوە وەستاون. یەکەمین مۆسیقاژەنی لای چەپی ڕیزی سەرەوەیان، ئامێرێک دەژەنێ، بەلای زۆر و بە دڵنیاییەوە، هەر ئەو ئامێری «کۆس»ە بێت، کە لەو کاتەدا گەورەترین ئامێری ڕەزمی بووە؛ سێیەمین مۆسیقاژەنی هەمان ئەم ڕێزە، «نەقارە»یەکی بچووکی لەبەردەمی خۆیدا داناوە.



لە ڕیزی خوارووی ڕاوە شوورەکەشدا(*) سێیەمین مۆسیقاژەنی لای چەپەوە، ئامێرێکی ڕەزمی تایبەتی دەکوتێ، کە بە پێچەوانەی ئامێرەکانی ترەوە، لوولەییە. کە ناوقەدەکەی باریکترە و ئەمسەرە و سەرەکەیشی پانترن. ئەم ئامێرە، بە شێوەیەکی ئاسۆیی، بە کەمەرەوە دەبەسترێ و بە ئاسانیش دەتوانرێ لە هەردوو سەرەوە، بە دەستی ڕاست و دەستی چەپ، بکوترێ، کە ئەم ئامێرە، کوتومت دەهۆڵی ئێستایە. بەڵام دەهۆڵێک، کە هەردوو سەرەکەی لە ناوقەدەکەی پانتر بن.

لە سەردەمی ساسانیدا، ئامێری تری ڕەزمی هەبوون، وەک **دومبەگ،** کە هەروەک دومبەگی ئێستا بووە، هەروەها **زنچیر،** کە بە زمانی پەهلەویش هەروایان پێ وتووە و هەمان **زنجیری** ئێستایە و بریتی بووە لە زنجیرێک، کە ئەڵقە و زەنگوڵەی پێوە هەڵواسراوە و لە سەردەمی دواتردا، لە هاتنی ئیسلامدا، زۆرتر لای دەروێشەکان، برەوی هەبووە و لە کۆڕی زیکر و سەما و «سماع»ی عارفانەدا، بەکاریان هێناوە.

ئامێری تری سەردەمی ساسانی**، چەغانە**، یان **چەقەوانە** بووە، کە دوو داری باریکی تاشراو بوون، ئەمسەرە و سەرەکانیان، بەشتێکی تر بەیەکەوە، گرێدراون و زەنگ و زەنگۆڵەیان پێوە بەستوون و بەدەستەوە بەستراون و لە کاتی جووڵاندنەوە و لەراندنەوەیاندا، زەنگ و زەنگۆڵەکان، زرنگاونەتەوە.

ئامێری تری مۆسیقای دەورەی ساسانی**، کەوچک** بووە، کە بریتی بووە لە دوو پارچە داری باریک و تاشراوی ڕێک و لووس و هەریەکەیان، وەک شێوەی دەمی کەوچک، چاڵ و پان بووە، بە جۆرێ کاتێ ئەڵقەیەک، یان زەنگوڵەیەکیان لەناو یەکێک لەم چاڵانەدا، دانابێ و ڕووە چاڵەکانیان بەرامبەر یەکتر، بە یەکدا دابێ، دەنگی لێوە هاتووە.

ئامێری «کۆس»یش، لە ئامێرە ڕەزمییە کۆنەکانە، کە واژەی **کۆس** لە زمانی فارسیدا، بە مانای **کەوتن** و **داچوون** و **هاڕین** دێت و ئێستاش لە زمانی کوردیدا، بە مردن و لێقەومان و زیانی گەورە و ئەو جۆرە کارەساتانەی دەبنە مایەی خەمی گەورە، هەر دەڵێن: **کۆس** «کۆس کەوتن»(**).

(*) شوور: کە بە عەرەبی پێی دەڵێن: أیل و، بە فارسی پێی دەڵێن: گەوەزن، ئەو ئاژەڵەیە، کە لە تۆرەمە و بنەچەی ئاسکە، بەڵام لە ئاسک گەورەترە و شاخەکانی پەل پەلن. زۆرم پرسیاری ناوی ئەم ئاژەڵە لە شارەزایان و ڕاوکارانیش پرسی، وتیان لە هەندێ ناوچەی کوردستان، فیلەگێژەیشی پێدەڵێن، لە ناوچەی موکریانیش: بزنە کێوی پێدەڵێن... بەڵام لە ڕاستیدا بزنە کێوی نییە. بە داخەوە ئەم ئاژەڵە، ئێستا لە کوردستان زۆر کەم و دەگمەن بۆتەوە.

(**) هەر بۆیە تا ئێستاش ئامێری دەهۆڵ، لە چەمەریدا بەکاردەهێنرێ.



جامێکی زیوینی زەڕکەفکراوی سەردەمی ساسانی
چەقەوانە بەدەست و سەما بەپێ
تاران موزەی ایران باستان

**«کۆس»** یش بە گشتی، بریتی بووە لە **دەهۆڵ**، یان تەپڵ و **نەقارە**ی گەورە. بەڵام جیاوازی ئەم، لەچاو ئامێرەکانی تردا، ئەوەیە کە جەستەی ئەم ئامێرە، بە شێوەی **کاسە**، یان **نیوکاسە**یە.

ئەولیا چەلەبی دەربارەی **کۆس** دەڵێ: ڕابەر، یان پیری کۆس، خاقانی تاتار بووە. لەبەرئەوە بەم ئامێرە دەڵێن کۆسی خاقان، هتد. (٤٠، ١١٩-١٢٣).

وەک لەناوی ئەو ئامێری مۆسیقاییانەی سەرەوەدا بۆمان دەرکەوت، زۆربەی ئەو ئامێرانەی لە سەردەمی ساسانیدا بەکار هێنراون، ئێستاش لەناو کورد و لای دراوسێکانی کورد، هەمان ئەم ئامێرانە، هەن و بەکار دەهێنرێن، کە هونەرمەند وریا ئەحمەد، لە کتێبی «ئامێرەکانی مۆسیقای کوردی»دا، ناوی «تەپڵ، دەف، دەهۆڵ، سوورنای و شمشاڵ و... هتد» ، وەک ئامێری مۆسیقای کوردی بەسەر کردوونەتەوە(٨٦، ١٧٥). بۆیە بەپێویستی دەزانم، لەسەر ناوی هەندێ لەو ئامێرانە، لەنگەرێکی کورت بگرم و بڵێم:

**سوورنای**، کە لە ئامێرە دێرینە و زۆر بڵاوەکانە لەناو کورد دا و ئەم ناوەش وەک **فارمەر** دەڵێت: بە هەمان شێوە لە **چین**دا، پێی دەڵێن: سوئرنای (Suerh- Nai) یان؛ سوئل نای



(So- eul- nai) یان: سونا (So- na) و هەر لە ئێرانیشەوە گەیوەتە ئاسیای ناوەندی(٤٠،٢٣) لە دوو واژەی **سوور** و **نای** پێکهاتووە، کە واژەی **سوور** لەناو کورددا، بە مانای **شادی** و **جەژن** و **ئاهەنگ** و **زەماوەن** دێت، بۆیە دەوترێ: **خەتەنە سووران**، یان لەو سەردەمانەدا، کە دەرەبەگ لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا، دەستی ڕۆیشتووە و بۆ هەر بۆنەیەک، بیانوویەکی بە جووتیاران گرتووە، کاتێ ماڵە جووتیارێک **زەماوەن** و **«شایی»** یان کردبێ، **سوورانە**ی لێ سەندوون.

واژەی «نای»ش، ئاشکرایە کە مانای «قامیش»ە و لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا، لە سەدان ساڵەوە وتراوە.

باڵات بە وێنەی **نایچە**ی شەمێران
مەدحی کوێت بکەم، هەی باوان وێران!

کەواتە **سوورنای**، کە دەنگی بەرزە و بۆ ئەوە دەشێ لە هەوای ئازاددا بۆ شادی و ئاهەنگ بژەندرێ، بۆیە سوورنای بە واتە **قامیش** «نای»ی ئاهەنگ و شادی(*) کە ئەم واژەیە لە زمانی پەهلەوییشدا، هەر هەمان مانای هەیە(٤٠، ٨٣) و ئەگەر لە یەکەمین مۆسیقاژەنی لای چەپی تابلۆی **ڕاوە شوور** و **بەرازەکە**ی تاق بوستانی باسکراو، وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێ، کە ئامێرێک دەژەنێ، کوتومت لە شێوەی **سوورنای** دایە.

ئەو پشکنینانەش کە لەم دواییانەدا، لە «حَضَر»ی لای مووسڵ کراون، دەیسەلمێن کە ئامێری **سوورنای**، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام، بۆ ساڵی ١٦٠ی زایین(٨٣، ١٠٠).

دوکتۆر مهدی فروغ لە باسی «سوورنای»دا، دەڵێ: جۆرێک **سوورنای بچووک** هەیە و دەنگی زۆر خۆشە و زۆرتر لە ناوچەکانی **ئەرزەروم** و لەناو هۆزەکانی کورددا، برەوی هەیە(٤٠، ٩٠).

لە سەردەمی ساسانیدا، جگە لە ئامێری **سوورنای**، ئامێری «شمشاڵ»یش، بە هەموو جۆرەکانیەوە، زۆر بایەخی پێدراوە و گەلێ **«سینی** و **قاپ»**ی سەردەمی ساسانی، کە لەم دواییانەدا بینراونەتەوە، وێنەی شمشاڵ ژەن و «نایژەن»یان تێدایە.

بەڵام ئاشوورییەکان لە پێش ساسانییەکانەوە شمشاڵیان بەکارهێناوە. کۆنترین

(*) هەرچەندە ڕێی تێدەچێ واژەی «سوور» مانای «خوێن و کۆست و لێقەومان»یش بگەیەنێ، چونکە ئامێری سوورنای بۆ چەمەریش بەکاردەهێنرێ.

شوێنەوارێکی ئاشووری، کە نزیک بێت بە شمشاڵ، ئامێرێکە لە شێوەی شاخی ئاژەڵێکدا، لەسەر بەردێکی تاشراوی لای گلکۆی سەنحاریب دۆزراوەتەوە(٤٠، ٨٢).

لێکۆڵەرەوانی مۆسیقای دێرینە، لەو باوەڕەدان کە **شمشاڵ**، لە باوترین و کۆنترینی ئەو ئامێرانەیە کە لە هەزاران ساڵانی بەرینەوە، هاوڕێی دەنگ و ئارەزووەکانی مرۆڤ بووە. لەم ڕووەوە بەسەرهات و ڕووداوی زۆر دەگێڕنەوە، لەوانە: گوایە حەزرەتی **موسا** لە ئارەزوومەندان و دڵبەستەی شمشاڵ بووە و بە ئامێرێکی ڕێزلێگیراویش دادەنرێ، هەر بۆیە ئایینی ئیسلامیش حەرامی نەکردووە و لە کۆڕ و دانیشتنی تایبەت و ئاهەنک و شادیدا، بەکاریان هێناوە(٤٠، ٨٦) و بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی دەروونناسی بەکاریان هێناوە. یەکێکیش لە بەڵگەکانی تەمەن درێژیی ئەم ئامێرە، ئەوەیە کە وەک وتمان لە زمانی پەهلەوییشدا، هەر بە هەمان ناوەوە، ناوبراوە(٤٠، ٨٣).

ئەو نووسەرانەی بەر لە هەموو نووسەرانی ئیسلام، ناوی ئەم ئامێرەیان بردووە، **جاحظ** بووە، کە دەڵێ ئەردەشێری ساسانی، مامۆستایانی مۆسیقا و گۆرانی، لە پلەی شازادە و سواران داناوە و دەستەی شمشاڵ ژەن و چەنگ ژەنانیشی لە پلەی سێیەمدا، داناوە(٤٠، ٨٣).

مێژوونووسی ناسراوی عەرەب: «مەسعوودی»یش، لە **مروج الذهب** دا، کاتێ ئاماژەی بۆ ناوی ئامێرەکانی سەردەمی **ساسانی** دەکات، ناوی **شمشاڵ** و **نای** پێکەوە دێنێ و لە ڕیزی چەنگ و تەنبوور و بەربەتدا، دایان دەنێ، ئەوسا باسی مۆسیقای کوردی دەکات و هەر لە بارەی شمشاڵەوە دەڵێ: شوانە کوردەکان شتێکیان بەکار دەهێنا، کە فوویان پیادەکرد، دەنگی لێوە دەهات؛ بەمە ئەگەر مێگەلەکانیان بڵاوەی بکردایە، کۆیان دەکردنەوە(٦٨، ١١٣). دیسان ئیبن **خردادبە**ش، ئەم باسەی بۆ کتێبەکەی خۆی گواستۆتەوە، کە ناوی ناوە **نَبذة في اللّهو والملاهي**(٦٨، ١١٣).

نووسەری کتێبی «الأغاني»ش، سەبارەت بە شمشاڵ دەڵێت: جوولەکەکان، لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا، شمشاڵیان وەک ئامێرێکی جەنگی و سوپایی بەکار هێناوە(٤٠، ٨٦).

نووسەرانی دێرینەی عەرەبیش(*)، ناوی شمشاڵیان بە هەمەجۆر باس و خواس لێکردووە لەوانە: ئیبن سینا، ئەبو مەنسور ئیبن حوسێن محەمەدی ناسراو بە ئیبن زیلە و ئەبو عەبدوڵڵا محەمەد بن ئەحمەد ئیبن یوسف خوارزمی(٤٠، ٨٥) و فارابی و عەبدولقادر مەراغەیی و... هتد.(٤٠، ٨٧).

(*) مەبەست لە دەقی نووسینەکانیانە، کە بە زمانی عەرەبییە.



جگە لەمانە و لە کتێبی **هەزار** و **یەک شەو**یشدا ناوی شمشاڵ بەو جۆرە ناوبراوە، کە هەم لە کۆڕی ئاهەنگ و شادی و لای شوان و لە کاروباری جەنگی و سوپاییشدا، لە هەوای ئازاددا، بەکاربراوە(٤٠، ٩١).

لە زمانی «یۆنانی»شدا، پەندێکیان هەیە، دەڵێ: مرۆڤی زۆر بێژ، لە شمشاڵی عەرەب دەچێ(٤٠، ٩٢).

***

... هاوبەشی و بەشداری کردنی کورد، لەو ڕۆژگارە زێڕینەی ساسانی‌دا، لە هەموو بوارەکانی گەشەکردنی دەوڵەتەکە بە گشتی و بە تایبەتیش لە مەیدانی **مۆسیقا**دا، وای لە هەندێ کوردناس کردووە، کە سەروەرییەکانی ئەو کەلەپووری مۆسیقاییەی ساسانی، بەری ڕەنج و ماندووبوونی کوردیشی پێوە بێت، بۆیە سەبارەت بە توانای داهێنەرانەی کورد، لەو ڕۆژگارانەدا، کوردناسی ناسراو تۆمابوا دەڵێت: «لە سەردەمی ساسانیەکاندا، کورد، مۆسیقایەکی یەکجار بەرزیان هەبووە». تەنانەت بەمەشەوە ناوەستێ و هەر لەمەڕ مۆسیقای ئەوکاتەی کورد، دەڵێت: «مۆسیقای کوردی، کاری کردۆتە سەر نەتەوەکانی دراوسێشی»(٨٨، ١٤٥).

دیارترین مۆسیقازانەکانی ئەم سەردەمە: **نەکیسا** و **باربەد** بوون، کە وەک دەگێڕنەوە **نەکیسا** جگە لەوەی لە چەنگ ژەنداندا زۆر بەناوبانگ بووە،(٤٠، ١٠٩) لە هەمان کاتیشدا، ئەوەندە داهێنانی مۆسیقایی کردووە، بۆ هەر ڕۆژێکی هەفتە، ئاوازێکی تایبەتی داناوە و بەم پێیەش بۆ ڕۆژەکانی مانگ و ساڵیش، واتە بۆ هەموو ڕۆژەکانی ساڵیش، ژمارەی (٣٦٠) ئاوازگەلی جیاوازی داناوە. کە ناوی هەندێ لەو ئاوازانە، تا ئێستاش ماون و پارێزراون و هەندێک نووسەر، تەقەللای پەیداکردنی ناوی ٧٢ لەم ئاوازانەی داوە(١٩، ٩-١١). بەڵام شاعیری گەورە، نیزامی گەنجەوی (؟-١٢١٧زایین)، لە داستانی **شیرین و خەسرەو**کەیدا، ناوی تەنیا (٣٠) لەم ئاوازانەی بە یادکردۆتەوە و دوای ئەمیش، شاعیری گەورەی کورد **خانای قوبادی** (١٧٠٠- ١٧٥٩ز)، لە وەرگێڕانی داستانی ناوبراودا، بۆ سەر زمانی کوردی «شێوەی گۆران»، هەمان ناوی ئەو (٣٠) ئاوازەی دووبارە کردۆتەوە.

هەرچەندە لە بەسەرکردنەوەی ناوی ئەو ژمارە ئاوازەدا، نازانرێ چەند ئاوازیان تایبەت بوون بە هونەری کوردییەوە، بەڵام جێی دڵخۆشییە کە پێش ئەوەش **نیزامی گەنجەوی**، ناوی ئەو ئاوازانە، تۆمار بکات، **شەمسی قەیسی کوڕی ڕازی** لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا: **المعجم**

**في معايير اشعار العجم**(٢٤، ١٢٨)، کە نزیکەی (٨٠٠) ساڵ لەمەوبەر، واتە ساڵی (١٢١٧زایینی)، لە **مەروە** نووسیویێتی و لە دووتوێی بەیتە شیعرێکدا، ناوی ئاوازێکی کوردی، بەناوی «ئاوازی هەورامانی» بەمجۆرە دێنێ:

**لحن اورامـــان** و بیت پهلوی

زخمهء رود و سماع خسروی

هەروەها «عباس اقبال»یش، لەم ساڵانەی دواییدا، ناوی هەمان ئاوازی هەورامانی دێنی، کە گومان لە کوردی بوونی ئەم ئاوازە ناکرێ و ئەم ئاوازەی «هەورامانی»ش (٤، ٧١-٧٠)(١)

یەکێکە لە پاشماوە زێرینەکانی ئەو ڕۆژگارەی **ساسانی**، واتە سەردەمی پێش هاتنی ئایینی ئیسلام و تایبەتمەندییەکانی ئەم ئاوازە، دەیسەلمێنن و دەیبەنەوە سەر هونەری دانیشتوانی ئەو جوگرافیایەی لەو ڕۆژگارەدا پێی وتراوە: **فەهلەویات**، ئەو جێگایەش هەر شوێنی کوردستانی ئێستایە و لەناو کوردستانیشدا، دیارە لە ناوچەی **هەورامان** زیاتر دەبێ کوێی تر بێت!؟

لێرەدا بە دڵنیاییەوە، سەبارەت بە **ئاوازی هەورامانی** دەڵێم: ئاوازی هەورامانی، هەر ئاوازی سیاوچەمانە و هۆرەی ئێستای ناوچەکانی **هەورامان** و **کرماشان** و **لوڕستانە**، کە لەو سەدان و هەزاران ساڵەوە، تا ئێستا وەک خۆیان پارێزراون.

مانەوەی ناوی ئەم ئاوازەی **هەورامانی**، لەو سەدان ساڵە دەوورەوە، تا ئێستا و هەر بەو ناوەوە، باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی بڵێین گەلی کوردیش لە دێرزەمانەوە، خاوەنی هونەر و مۆسیقا و هونەرمەندانی مۆسیقازانی خۆی بووە، کە وەک لە نووسراوی کۆنینەی مێژووییدا بۆمان دەردەکەوێ سیماکانی سەرومری ئەو کارە دێرینە و هونەرییانەی کورد، وایان لێکردووە تایبەتمەندی هونەریی خۆی بپارێزێ و شان بەشان و پێ بەپێی دراوسێکانیش، وەک خاوەن هونەرێکی جیاواز، سەیری بکەن و ئەو خانە و مۆرک و شەقڵەی، پێی دەوترێ تایبەتمەندێتی نەتەوایەتی، لە دێرزەمانەوە لەگەڵ خۆی هێنابێتی و بۆی بووبێتە پێناسە و ناسنامە. بۆیە لەم ڕووەوە کۆمەڵەی **أخوان الصفا**، کە عەرەب نەژادن و هەزار ساڵ بەر لە ئێستا، لە شاری **بەسرەی** خوارووی عێراقی ئێستادا ژیاون، لە نووسراوێکیاندا ناوی **گۆرانی کوردی**یان هێناوە و دەڵێن: «هەر گەلێک بۆ خۆی، خاوەنی

(١) هەروەها: محمد حسين قريب شمس الدين، تاريخ موسيقى، با اهتمام روح الله خالقى، انتشارات هيرمند چاپ دوم، تهران ١٣٦٢، س١٨



ئاواز و گۆرانی تایبەتی خۆیەتی، کە چێژی لێ وەردەگرێ و پێی دڵخۆش دەبێ، ئەوەندەش چێژ لەوەی خۆیان وەردەگرن، ئەوەندە چێژ لە هی گەلێکی ترەوەرناگرن، وەک گۆرانی گەلانی: دەیلەم، تورک، عەرەب، **کورد**، ئەرمەن، زنجی، فارس و ڕۆم»(٣٧، ٢٩٥)

کە بێگومان ئەم تایبەتمەندییەی **گۆرانی کوردی**، کە کۆمەڵەی أخوان الصفا، لە پێش هەزار ساڵەوە باسی دەکەن، ئاکامی خەملێنی لەو هەزار ساڵەش کۆنترە کە ئەوان باسی دەکەن و ئێمەش مەبەستمانە بیبەینەوە بۆ سەردەمی پێشتریش.

هەر لەو ئاوازانەی لە نووسراوی کۆنی دراوسێکانی کورد دا، ناویان هاتووە و تایبەتن بە کوردەوە، چەند ئاوازێکن، لە لیستی ئاوازگەلی سەرەکی و بنچینەیی ئێراندا هەن، وەک: ئاوازی کورد و زەنگوڵە و مێگەلی، کە «میرزا محەمەد فرسە الدولە - ١٨٥٤ز - ؟»ی شیرازی، لە کتێبە بە نرخەکەیدا «بحور الالحان»، لە تەک ناوی ئاوازگەلێکی تردا، ناوی هێناون(١٩، ١٢٠). کە ئەم ناوانەش بێ سێ و دوو، لە داهێنان و ناونانی کورد، خۆیەتی و ڕێی تێناچێ بیانەیەک بە کورد، ئەو ئاهەنگ و مەقامانەی بەو جۆرە ناونابێ... بەڵکو ئەو ئاوازانە، دەبێ دەست نیێژی هونەرمەندای کورد، خۆی بێ و شوێن پەنجەی کوردی پێوە دیار بێ.

ئەمە لەلایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە ناوهێنانی ئاواز و مەقامی کوردی، لە دووتوێی کتێبی کۆنی فارسی و ئێستاشدا، بەڵگەی ئەوەشن، کە لەو فەرهەنگە هاوبەشە دێرینەیەی ئەم جوگرافیایەدا، بەو هۆیەوە کە هونەری کوردیش خۆی سەپاندووە و جێی خۆی کردۆتەوە، نەتوانرێ پشت گوێ بخرێ و لەبیر بکرێ.

... کە هەر ئەم هۆیە وایکردووە هونەرمەندانی بەناوبانگی گەلانی دراوسێی کورد، لە مۆسیقازانان و گۆرانیبێژان، بەتایبەتی هونەرمەندانی فارس و تورک، لە دێرزەمانەوە و تا ئێستاش، لە کاتی گۆرانی وتن و مۆسیقا ژەندن دا وەک نموونەی: محەمەد ڕەزا شەجەریان و هابیل عەلێیوف و زۆری تریش، بە ڕێکورەوانی ئاماژە بۆ ئەو میلۆدییە کوردییانە بکەن، کە لە هونەرەکەیاندا کەڵکیان لێ وەرگرتوون و بەکاریان بردوون.

***